# مۆفەق عارف لهۆنی بەپێی پێویست بەرهەمی درامای تەلەفزیۆنمان نییە

**هونەرمەندی بەتوانا(مۆفەق عارف لهۆنی) یەکێکە لەهونەرمەندە سەرکەوتووەکانی هونەری نواندنی کوردی، (١٥) ساڵە لەو بوارەدا خزمەت بە هونەر دەکاتودواترین کاریشی بە رۆڵی (مولازم جاسم) لەزنجیرە درامای گەردەلوولدا بەشداری کرد، لەچاوپێکەوتنێکدا رۆژی گەل ئەم پرسیارانەی ئاراستە کرد:**

***زنجیرە دراماکانی دوای راپەڕین چۆن هەڵئەسەنگێنی؟**

و: بەپێی پێویست بەرهەمی درامای تەلەفزیۆنیو زنجیرە تەلەفزیۆنیمان نییەو لەڕووی چەندایەتییەوە کەمنو لەڕووی چۆنایەتییەوە ئاسان نییە بەراورد بکەینو هەڵسەنگاندن بکەین، چونکە کاتێك ئەتوانرێت رەخنەو هەڵسەنگاندنی مادەیەکی هونەری یان ئەدەبی بکەین لەڕووی چەندایەتیو چۆنیەتییەوە بەرهەمێکی زۆرو جۆراوجۆر و ستایل جیاوازت هەبێت... لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەرنجێکی خێرا بدرێتە ئەو بەرهەمانەی پاش راپەڕین بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەوڵی جوانو باش هەبووەو لەڕووی چۆنیەتیو جۆریشەوە هەوڵدارەوە کە جاربۆجارو بەرهەم بۆ بەرهەم باشترو جوانتر و کەم هەڵەتربێت دیارە ئەم کارەش هەوڵی زیاترو ماندووبوونی هونەرمەندەکانو کەناڵەکان بووە. هەرچەندە لەئەمڕۆی جیهانی تەکنەلۆژیاو مەدەنیدا تەکنیکی تەلەفزیۆنو دراما لەجیهاندا زۆر گەشەی گەورەی بەخۆوەدیوەو لای ئێمە تازە بیرۆکەکە چەکەرە دەکا، ئەگەر بمانەوێ بەهەنگاوی خاوو مادەی بێ پێزو کیسەڵ ئاسا بکەوینە رێ ئەوا هەرگیز بە هیچ ناگەین، دیارە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کەناڵەکانو رێکخراوە هونەریو لایەنە بەرپرسەکانی ترو هونەرمەندان خۆشیان بەهەنگاوی زۆر خێرا بەو رەوتە هۆنەرییە بەرزە بگەن.

***گەر شانۆکار نەبوویتایە چ بوارێکت هەڵدەبژارد؟**

و: دیارە بەحەزو ئارەزووی خۆم شانۆو هونەرم کردۆتە پیشەو رێچکەی ژیانی خۆم لەسەر دارشتووە بۆیە نازانم قەدەرم ئەگەیشت بەچی بەڵام لەگەڵ بوارە مەزنو جوانەکەی هونەریشدا حەزم لەبواری (سایکۆلۆژیا) و ناسینی کەسێتیو کۆمەڵناسیە.

***زۆر کەس کە زنجیرە درامای گەردەلوولیان بینیوە تۆ بە کەسێکی رەگەز عەرەبی دەناسن، تۆ ئەمە بەسەرکەوتن لەقەڵەم ئەدەی بۆخۆت؟**

و: سەرکەوتن دیارە نسبیەو لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت بەڵام من بەشە بەحاڵی خۆم پاش خوێندنەوەی سیناریۆکە پەسەند کردنی رۆڵی (جاسم) دەربارەی ئەو ئەفسەرە عەرەبانەی کە پێشتر لەسلێمانی بەرپرسی کوشتارو ئازاو ئەشکەنجەدانی کۆمەڵەکەمان بوون، چۆنییەتی مامەڵەکردن و لە هەڵس و کەوتوو رەفتاریانم کۆڵییەوەوبەکورتی بەوردی دراسەی کەسێتییەکانم کرد. دیارە لەئاکامدا ئەو کەسێتییە شەڕەنگێزە بەرامبەر بەنەیارانی بوو لەبەردەم بەرپسانی لام گەڵاڵەبوو و توانیم بەو شێوەیە بەرجەستەی بکەم.

**ئا/ رێبواری ئازادی**



# چۆپی بەرهەمێکی نوێ بڵاودەکاتەوە



سەرچاوەیەکی نزیك ئاشکرای کرد کە بەرهەمێکی چۆپی هونەرمەند لە قۆناغی کۆتاییدایەو بەم نزیکانە دەکەوێتە بازاڕەوە. ئەم بەرهەمە ١٢ گۆرانی لەخۆی گرتووە. گۆران کامیل سەرپەرشتی کردووەو لەسوێد تۆمار کراوەو زیاتر لە ٢٥ هونەرمەند کاریان تێدا کردووە. ٤ گۆرانی لەلایەن هونەرمەند بورهان موفتییو ٢ گۆرانی لەیەن زیاد ئەسعەدو ٢ گۆرانی لەئاوازی ئیدریس بالێتاییە، ئاوازی گۆرانییەکیش لەگۆرانیەکی یۆنانی وەرگیراوە. تێکستی گۆرانیەکانیش لەهۆنراوەی فەرهاد شاکەلی، کەمال میراودەلی، ئیسماعیل خورماڵی، کەریم بەدەل بالێتەیی، زیاد ئەسعەدو فۆلکلۆر وەرگیراون.

# بەکر رەشید ماری نمایش دەکات



لەیادی رۆژی جیهانی شانۆدا تیپی نواندنی سلێمانی و بەرێوەبەرێتی هونەری شانۆ شانۆیی (ماری) نمایش دەکات، لەنووسینی سعدون العبیدی و وەرگێڕانی رەوف بێگەرد ئامادەو دەرهێنانی بەکر رەشید لەرۆژی ٢٠٠٦/٤/٢٧ وە ئەم هونەرمەندانە بەشداری لەشانۆیەکەدا (عوسمان مەعروف، خاتوو نیاز، رزگار، عوسمان محەمەد قادر و چەندین ئەکتەری تر.

**ئا/ شیلان**

## بەکر پشدەری
## چوارینەکانی نمایش کرد

شاعیری عیشقو نیشتیمان و نەتەوەیی (بەکر پشدەری) لەکارێکی جوانو شایستەدا پێشانگایەکی شیعری بۆ (١٠١) چوارینەی خۆی کردەوە لەهۆڵی گەلەری هونەری بابان لەرێکەوتی ٢٠٠٦/١/٧، کە پێشانگاکەی شاعیر بریتی بوو لە(١٠١) چوارینو مۆتیف کە لەگەڵ چوارینەکاندا نەخشە کێشرابوون.

# خەنە و قژ



زۆربەی خانمان بۆ جوانکردنو بریسکەپێدانەوەی قژیان خەنە بەکاردەهێنن بەتایبەتی لەبۆنەو جەژنەکاندا، خەنە خۆی بەکەڵکە بۆ قژ هەروەها رەنگێکی جوانیشی پێدەبەخشێت و قژ نەرمو خاودەکاتەوە بەتایبەتی ئەگەر قژەکە خۆی وشكو جیڕبێت، لێرەدا چەند رێگایەك هەیە بۆ ئامادەکردنی گیراوەی خەنە لەوانە گرتنەوەی خەنە بە چای سارد، وە لەکاتێکدا کە قژ موخۆرکەی هەبێت ئامۆژگاری خانمان کە دووکەوچکی گەورەی خواردن سرکەی تێکەڵاوبکەن. بەڵام ئەگەر حەزتکرد قژت زەرد باوبێت ئەوا ئەو خەنەو ئاوەی کە تێکەڵت کردووە تۆزێك کورکمی تێکەڵاوبکە.

ئا/ کەلسوم

# مۆسۆلینی هونەرمەند کۆچی دوایی کرد



رۆمانۆمۆسۆلۆنی نیگار کێشو مۆسیقا ژەنی بەناوبانگ لەتەمەنی ٧٩ساڵیدا ماڵئاوایی لەژیان کرد رۆمانۆمۆسۆلۆنی یەکێك لە پێنج منداڵەکەی مۆسۆلۆنی دیکتاتۆری ئیتاڵیابوو ئەوەی شیاوی باسە رۆمانۆ لەتەمەنی ١٧ ساڵی بۆ دوایین جار لە ١٩٤٥/٤/١١ چاوی بەباوکی کەوتبوو، ١١ رۆژ دوای ئەمەش واتا رۆژی ١٩٤٥/٤/٢٢ باوکی کوژرا رۆمانۆ تا ساڵی ٢٠٠٤ بە هیچ شێوەیەك حەزی نەدەکرد باسی باوکی بکات لەو ساڵەدا کتێبی (باوکم دۆچەی) بڵاوکردەوە لەم کتێبەدا ناوی باوکی وەك باوکێکی دڵسۆز کە مۆسیقای خۆش ویستووە، هێناوە. تا ئێستا بنەماڵەی رۆمانۆمۆسۆلینی هۆکاری مەرگی ئەویان رانەگەیاندووە. ساندرای کچی رۆمانۆ سەرکردەی حزبێکی بچووکی ئیتاڵیا دەکات بەڵام رۆمانۆ هەرگیز حەزی لەسیاسەت نەدەکرد.

## خالۆ ئەواکس دەڵێ

*نووسەرێك ئەناسم ئەگەر قسەکردنو نووسینی خۆدەرخستن بووایە ئەبووایە خەلاتێکی گرنگ بکرایە. کەچی نازانم بۆچی ئەو رۆشنبیرییە فێری نەکردووە دایکە بێوەژنەکەی کە تەنها ئەم کوڕەی هەیە بەخێوبکاتو لەماڵان بەخێو ئەکرێتو چەند رۆژێکە خاڵی کۆچی دوایی کردووە بێزی نەهات بچێتە پرسەکەی، لەکاتێکا بچووکترین کێشەیان نەبووە.

* دەیانگوت پاڵپشتی حزبی بۆ دامەزراندن لەدامودەزگاکانی حکومەت هەڵگیراوە. بەڵام بیستوومە ئامیر فەوجێك چونکە ٥٠ لاوی کوردستانی بە بێ پاڵپشتی حزبی لەفەوجێکی پاسەوانی دامەزراندووە لەسەر کار لادراوە. هەروەها بەرنامە هەیە ئەگەر ئەو ٥٠ کەسەش پاڵپشتی حزبی نەهێنن دەربکرێن.

* تێکۆشەرێك بە تەمایە بکرێ بە وەزیر، هەر لەئێستاوە لەدڵدا گرتویەتی ئەگەر بەختی یاربێ‌و ببێ بە وەزیر ئەوە لەهەنگاوی یەکەمدا ئەوانەی لەسەر میلاکیئەو وەزارەتەن کە ئەو تێیدا دەبێ بە وەزیر هەموو ئەوانەی لەحزبی هینو هەرامە نەبن دەریان بکات.

* قەزایەکی بەدبەخت هەیە تەنها یەك رێگای گشتی تێدایە بەڵام دوو ساڵ زیاترە رێگا گشتیەکە هەڵکەنراوەو چاك نەکراوەتەوە. ئەوێ رۆژێ رێم کەوتە ئەو قەزایە لەهەر چوار دەورەی سوڕامەوە رێگایەکم نەدۆزیەوە کە پێیدا تێپەڕبم.

## ئابڕۆنی

**جەبار سابیر**

### ئەرێ حکومەت کەنگێ یەکدەگرێتەوە

لەساڵی نەوەدو هەشتەوە کە بەزۆری ئەمریکا ئەم دوو زلحیزبەی ئێمە لەواشنگتۆن بەڵێنیان بەخەڵکی کورددا ئیتر واز لەشەڕی براکوژیو کورد کوژی بێننو حکومەتێکی یەکگرتوو دروستکەنەوەو بەڕاستی خزمەتی خەڵکی رەنج بەخەساری کورد بکەن، کەچی دەرکەوت ئەوان بەڵێنیان داوە تەنیات بەتفەنگ واتا شەڕی گەرم نەکەنو لەسەر شەڕی ساردو فێنكو دەمە بۆڵە بەردوامبن. ئەمان لەو کاتەوە دەیان جار بەڵێنیان داو کەچی لەوادەی نزیکەبوونەوەی پرۆسەکەدا بەزمێك دروستدەکەنو دیسانەوە بۆ ساڵێکیتر ئەو باسە دەخەنە پەراوێزەوە. دوا بەڵێنی ئەمان کەبەخەڵکی کوردیاندا لەجەژنی قوربانداابوو کەچی دەرکەوت تەنیا قسەی رووت بوو شاعیری گەورەمان ئەحمەد موختار جاف لەنۆسەدو بیستو پێنجەوە دەڵێ: قسەی رووتیش ناچێتە گیرفانەوە.

بەبڕوای زۆرێك لەو خەڵکەی لەفیکەی ئەم دوو حزبە گەیشتووە یەکنەگرتنەوەیان گەلێك بەسوودترە بۆ خەڵکی کورد وەك لەیەکگرتنەوەیان، چونکە هەروەك جاری پێشوو لەسەر بنەمای نیوە بەنیوە یەکدەگرنەوەو ئیتر ئەوەی کاربەدەستی ئەملایە لەولا دەستی ناڕواتو بەپێچەوانەشەوە. ئەوەی سەر بەملابێت لەولا کاری ناڕواتو بەبڕوانامەی دکتۆراوە دانامەزرێتو بەپێچەوانەشەوە ئەوی سەربەولاش بێت لەملا کاری راست نابێت. سەربارى ئەوەش وایان داناوە هەر وەزیرێك دوو جێگری هەبێت وەڵڵا بابە حاڵمان زۆر جوانە وەزیر جێگرێکی هەیە مانگانە بەدەفتەر دۆلار دیارنامێنێ جا دووانی هەبێت بەکتێب دۆلار دیارنامێنێ. ئەوەی خەڵکی کورد دەیەوێ بیزانێ ئەوەیە کەئایا ئەم دوو حزبە بەڕاستی ئیرادەی خۆیان یەکگرتنەوەی ناوێت یان دەستێکی دەرەکی لەپشت مەسەلەکانەوە هەیە؟ خەڵك چی لەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیەی ئێوە بکات لەبەغداد دەینوێنن، خەڵك دەیەوێ لەناوەوە خزمەتی بکەنو بتڵە غازو بەرمیلە نەوتی لێ قاتینەکەن.

ئیتر ئەوەی خەڵك دەیەوێ تەنیا کوردایەتیو دروشم بازی نییە وەك لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا خەڵکتان پێ فریودا، خەڵك ژیانی دەوێت ژیانیش ئەوەنییە کەبێژەرە کانی ئێوە لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا جەماوەری سادەو سڤیلیان پێدە خەڵەتاند، رەنگە بۆ ئەم جارەش خەڵکتان فریودابێتو ئێستاش دوور لەڕووتان جڕتێکی درێژی بۆ لێبدەن، بەڵام دڵنیابن تاسەر ناتوانن لەرێگەی بێژەرێکی ماستاوچییەوە کڵاوی فلیپینی لەسەری خەڵککەنو رۆژێك دێت حسابتان لەگەڵ یەکلاییدەکەنەوە. بەڵام تکایە بانەگاتە ئەو رۆژەو خۆتان راستکەنەوە بەیەکگرتنەوەیە بەهەر چییەکە خزمەتی خەڵك بکەنو سوتەمەنیو ئاوو کارەباو تەندروستیو زۆر پێداویستی تری بۆ دابینکەن. ئاگاتان لەوەش بێت سەر باری ئەو هەموو نەگبەتیو قاتوقڕیو گرانییەش هەڵامەتی باڵندەش گەیشتە ئێرە ئیتر خەڵك لێتان خۆشنابێت